# هەرکەسێک بمرێت وڕۆژووی لەسەر مابێت کە بیگرێتەوە؛ ئەوا دەبێت میراتگرەکەی لە جیاتی ئەو بیگرێتەوە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بمرێت وڕۆژووی (قەزری) لەسەر مابێت کە بیگرێتەوە؛ ئەوا دەبێت میراتگرەکەی لە جیاتی ئەو (ڕۆژووە قەرزەکە) بگرێتەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمانیکرد بە میراتگری ئەو کەسەی مردووە؛ ئەگەر کەسە مردووەکە ڕۆژووی فەرزی لەسەرە وەکو ڕۆژوو قەرزی ڕەمەزان یان کەفارەت؛ ئەوا دەبێت میراتگرەکە لە جیاتی کەسە مردووەکە بیگرێتەوە، چونکە ئەمە قەرزێکە لەسەری، وکەسە نزیکەکەی لە پێشترە بۆئەوەی لە جیاتی ئەو وەکو قەزا بیگرێتەوە؛ وئەمیش چاکەکاری وپاداشت وگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتیە تەنانەت پاش مردنیشی، وئەمیش سونەتە (موستەحەبە) نەک واجب بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4530